# بۆچی کولیەی شەریعە، وە بۆچی لەهەڵەبجە ؟!

ئاسۆعەبدوللەتیف

کەس لاری لە پرۆژەی زانستی و زانکۆیی نییە بەمەرجێ ئەو پرۆژەیە بۆ (دفع البلاء) نەبێ! لەم رۆژانەدا و لە درێژەی سەردانی بەرپرسانی حیزبی و حکومی بۆ هەڵەبجەی پاش سوتانی مینۆمێنت تا نەغمەو مەددی تورەبوونەکانی خەڵك بۆ ساتێ کپ بکەنەوە، گوێبیستی داهێنانێکی ترو مژدەیەکی تری دەسەلات بووین ئەویش کردنەوەی کۆلیژی شەریعەی ئیسلامییە بۆ شاری هەڵەبجە، هەڵەبجەی هاومەرزی دەوڵەتێکی ئیسلامی و کۆنزەرڤەتیفی ناوچەکە، کە لام وایە بە ختوکەدانی هەندێ ناوەندی نەخوێندەوار کرابێ و رەهەندە خراپەکانی نەبینرابێ و دەسەڵاتیش موناقەشەی تەواوی نەکردووە، چونکە دڵنیام ئەمە رای هەڵەبجەییەکان نییە ئەوەندەی رای هەندێ مامۆستای موستەفیدی ئاینییە کە بەخۆیان بزانن یان نا ئەمە لە خاچدانی شاری هەڵەبجەو لەقاڵبدانیەتی ئەمان چۆن قاڵبدانێکی ترسناك، کە بەم کۆلیژە هەڵەبجە مەحکوم و یەکسان ئەکەنەوە بە نەگۆڕو سەوابیتەکانی ئاین و شەریعەتی ئیسلامی، ئەگەرچی هەموومان شانازی بە سیماو ناسنامەی ئیسلامەتیمانەوە دەکەین، لێ بۆچی کۆلیژی ئەندازیاری و زانستە مرۆییەکان و مامۆستایان و جیۆلۆجی و پزیشکی و هونەرو یاساو زمانزانیتان نەکردەوە لە هەڵەبجە کە ئەمانە لە هەڵەبجەدا پێویستن و ئەڵقەی وون و غائیبن و خودی هەڵەبجەش بە هەموو کارەساتەکانیەوە قوربانی ئەم رەهەندەیە کە جارانیش پێی دەوترا (مدینة المساجد)

دەسەلات کە ئەزانێت کۆلیژی شەریعە یانی کۆلیژی (فیقە و بلاغە و تفسیروتجویدوتصریف و قواعدو علوم الدین و علوم الحدیث و نحوصرف و تأریخ الاسلامي و شەریعەی ئیسلامی بە گشتی) ئیتر بۆ ئەیکاتە بریار بۆ شارێ کە هەر هاووڵاتیەکی هەڵەبجەیی لەم بوارانەدا خاوەنی تا رادەیەك شارەزایی و ماستەرنامەن و هەرکوڵانێك تەکیەو حوجرەیەکی زانستە ئیسلامیەکانی تێدایەو هەر مزگەوتێکی کولیەیەکی شەریعەیە بۆ خۆی و بڕواناکەم کەس هەبێ لە هەڵەبجە بە ئیسلامیەکانیشەوە بە تەرحی ئەم کۆلیژە رازی بن لەبەر ئەم هۆکارانە..

1- خەڵکی هەڵەبجە پێش سوتانی مینۆمێنت و پاش سوتانیش چاوەروانی ئەوەن و ئەوەبوون سەنتەری توێژینەوەی زانستی و کولتوری و رۆشنبیری هاوچەرخ و ئینستیوت و کۆلیژی مرۆیی و ئەندازیاری و یاسایی بکرێتەوە لە شارەکەیاندا نەك کولیەی حوجرە، لەگەڵ رێزی زۆرم بۆ هەموو شەرعناس و حوجرەدۆستێك.

2- خەڵکی هەڵەبجە نایانەوێت شارەکەیان بێتەوە بە هێلانەی تۆڕە تەقلیدیەکان و سبەینێ هەڵەبجە لە دەست دەربچێتەوەو بێتەوە بە چەترو سەنتەری کۆکردنەوەی فەقێ و سەلەفیەکانی سەرجەم شارەکانی عیراق و کوردستان و گرنگیشە حکومەت جارێ نەیکاتە بریار.

3- هەڵەبجە خۆشبەختانە مەلاو زاناو زاهیدو فەقێی رەسەنی خۆی هەیەو نایەوێت لە ژێر پەرچەمی کۆلیژێکدا جارێکی دی تێزی توندوتیژی و ئیرهاب بەرهەم بهێنرێتەوە کە هەموولامان ئەزانین رێکخراوە تیرۆریستیەکان زۆر بەباشی دەتوانن جێ پێی خۆیان بکەنەوە لەپەنا سایەو سێبەری ئەم کۆلیژو شوێنانەدا.

4- ئەم تەرحە کۆرپەلەیە بۆچی لە پاش سوتانی مینۆمێنت لەدایك ئەبێ لە کاتێکدا هەڵەبجە ئەزموونی هەیە لەگەڵ ئەم دایك و کۆرپەلانەداو ئینجا وێرانترین شاری دونیاو کارەساتبارترینیشە، ئاخر من ئەگەر شەقام و خانوو ئاوم نەبێ چۆن ئایەتێکم بۆ لەبەر ئەکرێ و بۆم تەفسیر ئەکرێ، یان چۆن حونجەی کتێبێك بکەم و وەیخوێنم.

5- خەڵکی هەڵەبجە دەپرسن گەر حکومەت نیازی خزمەتکردنی هەڵەبجەی هەیە نەدەکرا  لوتفی بنواندایە بەردی بناغەی زانکۆیەکی گەورەی دابنایە بەناوی زانکۆی هەڵەبجە لەسەر وەزنی زانکۆی کۆیە یان دهۆك کە هەموو زانستەکانی تیا بخوێندرایە بە شەریعەشەوە؟! یان هیچ نەبا مەرحەمەت و تەوازوعی بکردایە بناغەی زانکۆ ئەمریکیەکەی لە هەڵەبجە دابنایە نەك بەکرەجۆ؟ دڵنیام ئەوکات هەموو بەکۆرس ومەددی درێژو تەجویدی غوننەداریشەوە ئەمانگوت **ئـــــۆۆففەرییییین حکومەت** !؟